# ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی[1]

ناسیۆنالیزم-نەتەوایەتی، پڕ بەکارهێنەرترین چەمکی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکە، پرسێکی گرنگ و پڕبایەخ و گەرمی جیهان، وابەستە بەتەواوی گەلانی زیندووی سەر زەمین. بە ئامانج و مەبەستی چێکردنی یەکەیەکی سیاسیی جوگرافیی، کە واتای دەوڵەت دەگەیەنێ.

ناسیۆنالیزم، بە ئینگلیزی پێی دەوترێ: Nationalism، " بە مانایی میللەتگەرایی، نەتەوە پەرستی، هەستی نەتەوایەتی، دەماگیری نەتەوەیی دێت". لە زمانی فەڕەنسیدا وشەی: Nasionalisme بەکاردەبردرێ و لە وشەی لاتینی (nascor)ەوە واتە "من هەم"، "لەدایک بووم"، "هاتوومە دونیا"وە هاتووە.

بۆچوونی فرە جیاواز لەبارەی مێژوو و ڕەچەڵەک و ڕیشەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. بەشێک لە پسپۆڕان و شرۆڤەکارانی بواری نەتەوایەتی، مێژووی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە، بۆ سەرەتای ژیان و کەونارای کۆن، چونکە لەسەرەتای زیندەگییەوە مرۆڤ هەوڵی مانەوەی لەسەر زەوی داوە و فکرەی خاوەندارییەتی هەبووە، هەوڵیداوە سنوری دەسەڵاتی فراوان بکات.

ژمارەیەکی دی لە پسۆڕان و شارەزایان، مێژووی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە سەردەمی ڕێنسانس و بەتایبەتیتر دوای شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی (١٧٨٩)، کە گۆڕانکاری فراوان بەسەر جیهاندا هات و سەرەتا و دەروازەیەکی گەش بوو، بۆ سازبوونی دەیان دەوڵەت. ئەڵبەتە، لە ئەوروپا، ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی بەبەرهەمی مۆدێرنیتەی سیاسی ناودەبرێ. لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی (١٩٩١) نەخشیەی سیاسی و جوگرافی جیهان گۆڕانکاری بەسەرداهات و لەئەنجامی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئەو یەکێتییە، شەپۆلێکی دیکەی دروست بوونی دەوڵەت هاتەکایەوە.

ئارنست گێڵنەر، لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە باوەڕیوایە، کە پرەنسیپێکی سیاسییە، هەوڵی ئاڵوودەکردن و بەیەکەوە گونجاندن یەکەی سیاسی و یەکەی

(١) ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٧ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ١٩٦، چوارشەممە، ٢٦ی تەمموزی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

نەتەوەیی دەدا. هاوکات، ناسیۆنالیزم توانای گۆڕین و داهێنان و دووبارە دروست کردنەوەی کولتوری هەیە، تەنانەت ئەو کولتورە وەردەگرێت کە پێشتر هەبووە، ئەوجا دەیگۆڕێت بۆ نەتەوە، لەهەندێ کاتدا، ئەو کولتورە چێدەکا.

لەم سەردەمەدا، جیهان گڵۆبالیزەیشنی بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە ناسیۆنالیزم وەک خەبات و بەرخۆدان و ڕزگاربوونی ژێردەستەیی و سەربەخۆیی ئەژماردەکرێ. دواجار، کەسانی ناسیۆنالیست لەخەمی دروست کردنی دەوڵەت و سەربەخۆییدان، سەربەخۆیی ناسنامە و شوناس. ناسیۆنالیزم و دەوڵەت، دەورێکی چارەنوسساز و کاریگەری بەهێزی هەیە، لە ئاراستەکردنی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی جیهان، وابەستەی تەواوی سێکتەرە جیاوازەکانە، زۆربەی ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و ئابوورییەکان قامکی ناسیۆنالیزمیان بەرکەوتووە.

ناسیۆنالیزم و دەوڵەت، گرێدراوی یەکدین. ناسیۆنالیزم گوزارشت لە دەوڵەت دەکا و دەوڵەتیش ئەجامی پۆزەتیڤی ناسیۆنالیزمە، واتە: هەموو بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی ئامانجی دروست کردنی دەوڵەتە، ئەگەر ئەو ئامانجە نەبوو، ناچێتە چوارچێوەی دەوڵەتەوە. ناسیۆنالیزم، بیروهەست و ویستێکە مرۆڤەکان بەشێوەی جیاواز و جۆراوجۆر دەیدرکێنن، بەمەبەستی دیاریکردنی شوناس و ناسنامەی خۆی، ئەوەش لە ئەنجامی دەوڵەتەوە وەدەستدێ.

## ناسیۆنالیزمی کوردی

ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری ناسیۆنالیست "ئەحمەدی خانی ١٦٥١-١٧٠٧"، ئەو بەیەکەم کورد ئەژماردەکرێ کە لەبارەی نەتەوایەتی و سازکردنی دەوڵەتی کوردی لەڕێگەی نووسین و شیعر و داستانەوە دواوە و لە داستانی "مەم و زین"دا -ساڵی ١٦٩٥ نووسراوە- لەڕێگەی ئەڤین و خۆشەویستی و جوانی و پاکی، هاوکاران و دژان، باسی سەردەمی خراپی خۆی دەکا و وێنای دەوڵەت دروست کردن نیشان دەدا، ئەمەش وابەستە بە هەستی ناسیۆنالیستی و کوردایەتیی و نیشتیمان پەروەرییەوە، ئەم داستانە لەدوای ئازار و ئەشکەنجەدانی کوردان، نووسراوە.

ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەی خانی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی سەردەمەی ژیانکردنی. ئەو، لە سەردەمی کێشە و کێشمەکێش و ئارایشەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی ژیاوە، کە زۆربەی کێشەکانیان لەسەر خاکی کوردان و ناوچە کوردییەکان بووە، هەردوولا هەوڵیانداوە لەسەر حیسابی کوردان، یەکەی جوگرافی خۆیان فراوان بکەن، لەم نێوەندەشدا بە پلەی یەکەم کورد زەرەرمەندی گیانی و ماددیی بووە، هیچ دەسەڵات و پێگەیەکی لەناوچەکەدا نەبووە، ئەمە هۆکاری سەرەکیی و گرنگە، کە ئەحمەدی خانی بەو ئاراستەیەدا برد.

لەدوای ئەحمەدی خانی، "حاجی قادری کۆیی ١٨١٦-١٨٩٧" بە بیری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستی دادەنرێ، ئەمەش وابەستەیە بە دوورکەوتنەوە لە وڵات و دەڤەر و زێدی خۆی و ئاوارەبوون بۆ وڵاتی دژە کوردان و مەیلی خۆ بەکەمزانی لەبەرامبەر عوسمانییەکان، چونکە خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی نییە. بۆیە دەنووسێ:

وەکوو بیستوومە ئەی یاری نیکۆپەی
لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەر و کەی
بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە

هەروەها، دەڵێ:

خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان.

لە شیعرەکانی حاجی قادر، ڕووندەبێتەوە کە بەتەواوی ڕۆچۆتە نێو هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئاواتەخواز و ئومێدەواری دەوڵەتە بۆ کوردان.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم و تا کۆتایی هەمان سەدە، بە ئێستاشەوە، زۆر سەرکردەی کورد، لەڕێگەی بزوتنەوەی چەکداری و جوڵانەوە و ڕاپەڕین و شۆڕش و پەیوەندی دیپلۆماسی لەهەوڵی چێکردنی دەوڵەتی کورد دابووە، کە دابەشیان کردووە و لەسنووری جوگرافی چوار وڵاتدایە.

گەلی کورد، تەواوی فاکتەکانی ناسیۆنالیزمی تێدایە، کێشـەی لە ڕەگەزەکانـدا نییە، کە ئەمانەن (مێژووی هاوبەش، خـاکی هـاوبەش، نەتەوەی هـاوبەش، ڕەگەزی هـاوبەش، زمـانی هـاوبەش، ئـاڵای هـاوبەش) لەسـەرووی ئەمـانەوە ئـارەزوو و بەتـایبەتی ویسـت. چـونکە تەواوی کـوردان، دەخـوازن ببـنە خـاوەن دەوڵەت و کیانێکی سیاسی سەربەخۆ، خاوەن یەکەیەکی جوگرافی دیاریکراوی سـەر نەخشـە و واقیعیـانە. بەدەر لەوەی شـێواز و چـۆنیەتی دروسـت کـردن و میکـانیزمی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە چییە و چۆنە ؟.

پرسـیاری گرنـگ و جەوهەری ئەوەیە: بـۆچی کـورد نەبـووە بە دەوڵەت؟ هۆکارەکانی دروست نەبوونی چین؟ کێ کەمتەرخەم و تاوانبارە؟ بۆچی سـوود لە دەرفەتە زێڕینییەکـان وەرنەگیـراوە؟ ئاینـدە بەکـوێ دەگـا؟. بەهیـوای چێکردنـی دەوڵەتێکـی بـاڵای کوردسـتانی، تـا ببێـتە چەترێـک بـۆ کـۆکردنەوەی تەواوی کوردەکان و بەتایبەتی  کوردە ناسیۆنالیستەکان.